# شەوارەی شەوانەی سەفەر

## بیرەوەری

بەشی شەشەم



کاظم قادر
Kazmkader72@yahoo.com

ئەم کەشتییە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت...نا
کەنگێ زە مین بوو بە زەریاو
زەریا ..کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو..نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست..کەس...

کەشتی پڕ بوو لە شاحینەی گەورە،بە ڕاکردن بەرەو ئەو سەری کەشتیەکە ڕۆیشتین،بە پەلە سەرمان بە ژێر چەند شاحینەدا کرد تاکو شوێنێک لە سەر ئەکسلەکان بدۆزینەوەو لە سەری دانیشین.کابراش بە دوامانەوە بوو وەکو شێری بریندار دەیبۆڕاندو هاواری دەکرد.
کەشتیەکە گەورە بوو ئەو نەیدەزانی ئێمە لە کوێداین تاکو یەکسەر بۆ ئەو شوێنە بێت،هەموو شوێنێک بۆ ئەو جێی گومان بوو دەبوا هەموو شوێنێک بگەڕێت.ئێمە لەو تەنگەتاویەدا نەمندەتوانی چادری یەکێک لە شاحینەکان بکەینەوەو بچینە ناویەوەو خۆمان حەشار بدەین.هەندێک شاحینەش هەبوو باری تێدا نەبوو،ئەو شاحینانە لە دواوە سووچێکی چادرەکەی دانەدەخراو وەکو کونێک-دەرگایەک کراوە بوو.بە

هاوڕێکەم گوت وەرە با خۆمان بەم شاحینە بەتاڵەدا بکەین،ئەو دەیگوت بەتاڵەو چۆن خۆمانی تێدا حەشار بدەین؟بەڵام من ئەوەم بۆ ڕوون کردەوە کە سەرکەوتین ناچین بۆ بنەوەی شاحینەکە،بەڵکو لە پاڵ دەرگاکەدا دادەنیشین،نیوەی خوارەوەی دەرگاکە ئاسن بوو،نیوەی سەرەوەشی چادر بوو کونەکەش دەکەوتە چادرەکەوە،گوتم لە بەر ئەوەی شاحینەکە بەتاڵە گومانی ئەوە ناکات لەوێدا دابنیشین،پێم وابوو کابرا لە کونەکەوە سەیرێک دەکات و دادەبەزێت،ئیتر هاوڕێکەم قایل بوو سەرکەوتین و بێجووڵە دانیشتین.

کابراش بە نێو کەشتیەکەدا دەگەڕاو هاواری دەکرد،هاوارەکانی وەکو هۆیها وابوو..دەیویست بمانترسێنێ و خۆمان بێینە دەرەوە،بەڵام ئەوە بۆ ئەو خەیاڵ بوو.من کە ئەو هەموو بەدبەختی و تفتی و تاڵییەم چەشتبێت تاکو بە "کەشتی" گەیشتبێتم،چما بە ئاسانی دەردەچم...! مەگەر باڵیان بگرتایەم و فڕێیاندامایە دەرەوە.

ئەو لە نەڕەنەڕی خۆی بەردەوام بوو،پێم وابوو شیش ئاسنێکی بە دەستەوە بوو،چونکە دانە دانە بە شاحینەکاندا دەگەڕاو دەیپشکنی و بە گۆپاڵەکەی دەستی شریخەیەکی بە هێزی لێهەڵدەساندن.

من بەو بەزمە ڕاوە بەرازم بە بیر دەهاتەوە،چوونکە هەر لە بەزمی ڕاوە بەراز دەچوو.بەراز هەمیشە لە نێو قەڕەم و قامیشی چڕوپڕو بێشەڵاندا خۆی حەشار دەدات،کاتێک ڕاوچیەکان دەیاندۆزنەوەو دەچنە سەریان ،بۆ ئەوەی دەریان پەڕێنن دەیکەنە هات و هاوارو تەقە لێکردن و بەرد هاویشتن،تاکو بیانترسێنن و بێنە دەرەوە.بەراز ئەگەر لە سەختی و چڕوپڕیی شوێنەکەی دڵنیا بێت،ئەوا بە ئاسانی دەرناچێتە دەرەوە،یاخود هەر دەرناچێت.بەراز ملهوڕەو مان دەگرێت هەروەها ترسنۆکەو لە شوێنە ڕووتەنییەکاندا لە مرۆڤ هەڵدێت،بەڵام لە هەندێک کات و شوێندا مەترسی هەیە لە مرۆڤ بدات.لە شوێنێکی تەنگەبەردا کاتێک ڕووبەڕوت بێتەوەو بواری نەبێت بە لایەکیتردا بچێت،لە نێو قامیشەڵاندا بچیتە سەری و لێی نزیک بیتەوە،هەروەها لە کاتی برینداربووندا شاڵاوت بۆ دێنێ و دەیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە...

ڕۆژێک لە گەڵ دوو برادەریتردا ڕۆیشتین بۆ ڕاوە بەراز،کات کاتی گرانی و قوڕبەسەرییەکەیەو کار نییەو پارە نییەو کیلۆی گۆشت حەفتا دینارەو سەرووتر.ماوەیەکی زۆر گەڕاینلە شوێنێکدا چەند بەرازمان بینی ڕادەکەن، ئێمەش یەکسەر بۆیان دانیشتین و گرم..گرم..یەکێکمان پێکا،بەرازەکان بەرەو بەرزایی و هەورازێک دەڕۆیشتن،ئەوەی کە پێکرا نەیتوانی زیاتر بەرەو سەرەوە بڕوات،بۆیە ناچار بەرەو خوارو لای گەڕایەوە.ئێمە لە خوارەوە لە نێو دۆڵەکەدا بووین،بەراز بە شەلە شەل و پڕمەپڕم ڕووەو ئێمە دەهات،من سەیرم دەکرد دەمگوت ئێستا دەکەوێت،بەڵام ئەو نەدەکەوت و لێمان نزیک دەبووەوەو نیازخراپ دیار بوو...! گوتم بدەنە قەد پاڵەکەدا ئەو بەراز بابە نیازی خراپە،دواترلێدانیتری بەرکەوت و بە لادا هات.دوایی سی چل کیلۆ نەرمە گۆشتمان لێکردەوەو هاتینەوە بۆ ماڵ. دایکو باوکم گۆشتی بەرازیان بینی چاویان چووە پشتی سەریان،پێمگوتم بەڕیزانم ئێوە مەخۆن..خۆتان دەزانن من بۆ ئێوەم نەهێناوە..بۆ ئەو کەسانەیە دەتوانن بەرازیش بخۆن..دایکم هەفتەیەک نانی نەخوارد.

دوایی چەند برادەرم داوەتکرد،پێمگوتن گۆشتی بەرازتان بۆ دەکەم،گوتیان شتی لەوە باشتر هەر

نابێت.دوایی هاتن و چەند کەسیتریان لە گەڵ خۆیان هێنابوو کە من نەمدەناسین،یەکێک لەو برادەرانە هەمیشە گاڵتەو قسەی خۆشی دەکرد.گۆشت زۆر بوو هەموو کەسێک بە ئارەزووی خۆی دەیخوارد، دوای ئەوەی نانمان خوارد من و ئەو برادەرەی گوتم قسەی خۆشی دەکرد، بەیەکەوە هەستاین دەستمان بشۆین،گوتم"پێشڕەو"ئەو برادەرانەیتر کە لە گەڵتانن دەزانن گۆشتەکە هیبەراز بوو؟گوتم ئایا ئەوانیش"کۆمۆنیستن"؟ پێشڕەو سەیرێکی کردم و گوتی کۆمۆنیستی چی....! ئەوانە هەر خواگیان خواگیانیانە...!!

ئێمەش وەکو بەرازێکی چاو قایم و کۆنەساڵ و ملهوڕ مانمان گرتبوو،بە هات و هاواری هەموو ڕاوچییەکانی دنیاش دەرنەدەچووین.کرێکار-کەشتیوان-نازانم بڵێم چی..ڕاوە بەرازچی هەر هات و هاواری بوو..بۆ یەک دەقەش بێدەنگ نەدەبوو،ئەو نەڕەنەڕەم زۆر بە لاوە ناخۆش بوو چوونکە پەوەندی بە ئێمەوە هەبوو.

پرمەپرمی ئەو بەراز بابە نیو سعاتی خایاند،یەکبەیەکی شاحینەکانی دەپشکنی و دارکاری دەکرد.بە تەقەی پێی و نزیکبوونەوەی دەنگی هەستمان کرد گەیشتە شاحینەکەی ئێمە،ئێمە لە پشتی دەرگاکەوە خۆمان لوول و گرمۆڵە کردبوو هەناسەشمان نەدەدا...! هۆیهایەکی کردو بە گۆپاڵەکەی دەستی شریخەیەکی بەهێزی لە شاحینەکە هەستاند..وەک شریخەی هەورە برووسکە دەنگی دەدایەوە..خۆی بە دەرگاکەدا هەڵواسی..لە کونەکەوە لایتێکی لێداو سەیرێکی نێو شاحینەکەی کردو دابەزییە خوارەوە..سەری نەهێنایە ژوورەوە سەیری پشتی دەرگاکەش بکات،لەوە دەچوو ڕاوە بەراز چییەکی غەشیم بووبێت..نەیدەزانی بەرازی هێندە فێڵبازیش هەیە...!

دابەزییە خوارەوەو بە هۆیها کێشان دوا ڕیزی شاحینەکانی بەرەو دەرەوە تێڵا باران دەکردو قەزاوبەلای لە ئێمە دوور دەکەوتەوە.چەند جارێک بە چپە بە هاوڕێکەمم دەگوت ئەو بەرازباوکە دەڵێی ڕاوە بەراز دەکات.. هاوڕیکەم دەترساو دەیگوت..وسس..وس....

بێدەنگ دانیشتین و جگەرەمان دەکێشا،سێ پاکەت جگەرەکان پێبوو.ئەوەی سێ پاکەت جگەرەمان هەبوو بۆ من مایەی ئۆقرەو پشوودرێژی دەبوو،بەڵام هیچ خواردنمان پێنەبوو.ئەو کاتەی هاتینە نێو کەشتیەکەوە پارچەیەک پسکیتی گەورەم پێبوو خستبوومە باخەڵم،هەر کە دەجووڵامەوە خشەوپشەیەکی زۆری دەنایەوە"مرۆڤ لە ئاستەنگدا بێت لە خشەی پسکیت و نایلۆنیش دەترسێت"لە بەر ئەوە پسکیتەکەم خستە سەر ئەکسلی یەکێک لە شاحینەکان،گوتم ئەگەر نەگیراین دوایی بۆی دەگەڕێمەوە،دوو دەبەی بچووکی ئاویشمان پێبوو.

ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووین کەشتیەکە بەڕێبکەوێت،بەڵام بە ڕێنەکەوت،لەوەی کەشتیەکە بەڕێنەکەوت نیگەران و بێحەوسەڵە ببووین. جلەکانمان نیوە تەڕ ببوو لە سەرماندا چەقەچەقی دانەکانمان دەهات! ئێمە هەم جلەکانمان تەڕ بوو هەم شاحینەکە بەتاڵ بوو،هەروەها دنیای ڕۆح و ئەندێشەشمان ساردوبەستەڵۆک بوو..بۆیە هەستمان بە ساردی و تۆفانێکی بێ ئامان دەکرد لە جەستەماندا.وەستانی کەشتیەکە زۆری خایاندو لە بەر ئەوەی هیچ جووڵەیەکمان نەبوو بە شەختە دەبووین...! خەویش سەری لێدابووین..ڕاکشابووین و پشتمان لە یەکتر توووند کردبوو تاکو کەمێک

پشتمان گەرم دابێت.چەندینجار خەومان لێدەکەوت و بە ئاگا دەهاتینەوە. سعاتمان پێنەبوو نەماندەزانی چەند لە کات لە نێو کەشتیەکەداین و کات چەندە.من هەستم دەکرد کەشتیەکە لە ڕۆیشتن زۆر دوا کەوت و دەمێکە لە نێو کەشتیەکەداین ! بەڵام هاوڕێکەم ئەو ڕایەی نەبوو..ئەو هەمیشە دەیگوت چەند سعاتێکە لە نێو لە کەشتیەکەداین...

دوای نیگەرانی و چاوەڕوانی و قەلەقیکی زۆر..دوای ئەوەی وەکو سەهۆڵمان لێهاتبوو..پیرە کەشتی کەوتە جم و جۆڵ و نرکە نرک..وەک ئەوەی ئازارێکی قووڵ ..لە قووڵایی ڕۆحی کەشتیدا بێت..وەک هەست بکات چی برینێکی لە هەناودا هەلگرتووە..چی هاوارێکی بێدەنگ و چی خەمێکی ڕەشی لە هەناودایە..وەک پیرە ئاشنایەکی بە ئەزموون و کۆنەساڵێکی بەندەرەکان..ئەو ڕۆژە دەیزانی چەند پارچەی شکاوی..چەند ڕۆحی شکاوی تێدایە..ئەو دەیزانی..کەشتی دەیزانی...

کەشتی دەریای دەبڕی و لرفە لرفی دەهات..وەک ئامانەتێکی لە سەر دەست بێت..وەک چەند نەورەسی باڵ شکاوی لە چاودا بێت..بیانبات و بە چڵی داری خۆرنەوەزانێک بیانسپێرێت..

زۆر پڕ تاسە بووم بچوومایە نهۆمی سەرەوەی کەشتیەکەو بە ئارەزووی تاسەی بینینم بۆ دەریا..سەیری دەریام بکردایە،ئەمە ئەو کەشتیە پیرو ماندوانە نەبوو مەسافیرەکانی بە چاوی ئەبڵەق و تۆقینەوە،تێیدا لە دەریا بڕوانن..ئەو کەشتیانەی لە مەسافیرەکانی ماندوترن..ئەم کەشتیە..کەشتی وڵاتی دەریا بوو..لە دەریاوە دەهات و بەرەو نێو دڵی ئۆقیانوسەکان تاوی دەدا.سەیرکردنی دەریا لە سەر پشتی ئەو ئەفسانە دەریاییەوە جۆش و خرۆش لە مرۆڤدا دروست دەکات،تاکو چاو دەبینێت ئاوەو شین دەکاتەوە، مرۆڤ لە دەریادا هەست دەکات ووشکانی نییەو هەموو سەرزەمین ئاوە.

من ئەگەرچی لە قەفەسێکدا بووم لە نێو قەفەسێکیتردا..بەڵام بە خەیاڵ دەچوومە سەر پشتی پیرە کەشتی و چاوم لە دەریا دەکرد،گوێم لە هەناسەو ترپەی دڵی شەپۆل دەگرت..چاوم پڕ دەکرد لە عیشق و ئەفسوونی دەریا..ماچی هەورەکانی بان سەری ئاوم دەکرد..گوێم دەنایە دەمی گۆرانییە بێکۆتاکانی شینایییەوە..ڕۆحم پڕ لە ئاوازی جیهانێک دەکرد لە گەرووی شەپۆلەکانی زەریاوە دەهات...

سات لە دوای سات هەستمان بە سەرمای زیاتر دەکرد،وەکو سەرمای هەموو دنیا لەوێدا کۆبووبێتەوە،هەمیشە دانە چۆقێمان بوو خۆمان گرژ دەکردەوە.هەروەها هەستمان بە برسێتییەکی زۆر دەکرد،دووجار لە کەشتیەکە دابەزیمە خوارەوەو بۆ پسکیتەکە دەگەڕام بەڵام نەمدەدۆزیەوە، گوتم دیارە کاتێک کابرا بۆ ئێمە گەڕاوە پسکیتەکەی بەرچاو کەوتووەو بردوویەتی.دواتر دووجاریتر بە یەکەوە دابەزین و هەم بۆ پسکیتەکە گەڕاین و هەم چادری چەند شاحینەمان کردەوەو بۆ خواردن دەگەڕاین، بەڵام خواردنمان دەست نەکەوت.سەرماو برسێتی تەواو بێحەوسەڵەی کردبووین،سیمامان ووشکو ڕەش داگەڕابوو،هێندە لە سەر ئاسنی نێو شاحینەکە ڕاکشابووین جلەکانمان پیس و ژەنگاوی ببوو،ڕۆخسارێکی تەواوی ئەو دۆخە بووین.لە بەر ئەوەی سعاتمان پێنەبوو نەماندەزانی چەند سعات و ڕۆژە لە نێو کەشتیەکەداین.هاوڕێکەم هێندە بێمەزەنە بوو هەمیشە دەیگوت چەند سعاتێکە بە ڕێگاوەین..ئەو وای دەگوت من خەفەتم دەخواد بەڵام هیچم نەدەگوت.من بە هۆی هیلاکی و برسێتی و کەم بوونەوەی جگەرەکەمانەوە، دەمزانی کاتێکی زۆرە لە نێو شاحینەکەداین، کاتێکیش جگەرەکەمان کەم

بوەوە بە هەردووکمان یەک جگەرەمان دەکێشا.
دوایی لە بارەی ئەوەوە کە لە کۆنترۆڵی ئیتالیا چی بکەین و لە کوێدا خۆمان حەشار بدەین،کەوتینە گفتوگۆوە.گرتن تێکشاکانێکی دەروونی سەخت دەبوو بۆمان،دەبوا کارێکمان بکردایە نەگیرابایین.هاوڕێکەم پێی وابوو دابەزین و بچینە نێو شاحینەیەکەوە باری تێدا بێ و لە نێو بارەکاندا خۆمان حەشار بدەین.زۆربەی کۆچبەران هەر بەو جۆرە دەردەچن،بەڵام ئەوەش نزیکەی کاتێکی شێنەیی دەویست،تاکو کەس نەمانبینێ و هەستمان پێنەکەن.چوونکە وەک دەڵێن کرێکارانی نێو کەشتیەکە هەر ماوەی جارێک دێن و بە نێو کەشتیەکەدا دەگەڕێن و سەیری شاحینەکان دەکەن.چوونکە شاحینەکان لە نێو کەشتیەکدا بە زنجیر دەبەسترێن تاکو پاڵ بە یەکترەوە نەدەن و ئەوانیش دێن کۆنترۆڵی دەکەن، لە بەر ئەوە ئەو ترسەشمان هەبوو.
من دەمویست هەر لەم شوێنەی خۆماندا بمێنینەوە،بیرم لەوە کردبوەوە کاتێک گەیشتینە کۆنترۆڵی ئیتالیا،خۆمان بە بنمیچوو سووچی سەرەوەی دەرگاکەدا هەڵواسین.زۆر بیرم لەو شوێنە کردەوەو زۆریش باوەڕم بە دڵنیایی شوێنەکە هەبوو،هەرچەند لێکم دەدایەوە هیچ گومانێکم لە لا دروست نەدەبوو لەوێدا بماندۆزنەوە،هەروەها لە بەر ئەوەی شاحینەکە باری تێدا نەبوو هێندە گومانی لێنەدەکرا.گوتم ئەوانیش وەکو کابرا خۆیان بە دەرگاکەدا هەڵدەواسن و تەویلەیەکی بەتاڵ دەبینن کە هیچ بەرازێکی تێدا نییە...! باوەڕیشم وابوو تولەو تانجی کەم ئەزموون لە هەموو شوێنێک هەیە.هاوڕێکەم دەیگوت نا..ئەوێ باش نییە،ئەو هەر ئەوەی دەزانی دەبێت لە نێو باردا خۆت حەشار بدەیت.دەیگوت با دابەزین و شوێنێک لە نێو بارەکاندا بدۆزینەوە،من ئەگەرچی لە دڵەوە قایل نەبووم"ئەگەر بشفڕایە هەر بزن بوو"لە گەڵ ئەوەشدا گوتم دەی باشە،با دابەزین و بەڵکو شوێنێکی باشترمان دۆزییەوە،هەروەها گوتم با دڵی نەشکێنم و ئەگەر گیراین نەڵێت خەتای تۆ بوو.دابەزین و چادری چەندین شاحینەمان کردەوەو دەچووینە نێویەوەو بۆ شوێنێکی باش دەگەڕاین،بەڵام هیچیان بە کەڵکی ئەوە نەدەهات حەشارمان بدات، دواجار گەڕاینەوە کۆنە هەوار.
هاوڕێکەم بڕێک قەڵەوو قورس بوو،پێم وابوو نەتوانێت بە دەست خۆی بە بنمیچەکەدا هەڵواسێت،لە بەر ئەوە تەختەدارێکی کورتم لە لاکانی شاحینەکە کردەوەو لە سووچێکی سەرەوەی دەرگاکەدا ڕەفەیەکی سێگۆشەم دروست کرد،گوتم کاتێک کەشتیەکە لەنگەری گرت و گەیشتینە بەندەرەکە وەکو کۆتر بچۆ سەر ڕەفەکە دانیشەو بە دەستەکانیشت شیشی بنمیچەکە بگرە،ئەوە بیرۆکەیەکی دروست بوو.
بۆ خۆیشم بیرم لەوە کردبوەوە لە سووچی سەرەوەی دەرگاکەدا خۆم هەڵواسم..دوای ڕەنج و ستەمێکی زۆر کە لە چاومان دەهات..دوای ئەوەی بە شەختەو زوقم بیووین..دوای ئەو هەموو نائارامی و جەنجاڵییە کە ڕۆحمانی سڕ کردبوو..دوای ئەو هەموو کاتە کە قسەیەکمان بۆ شادی و پێکەنین بۆ یەکتر پێنەبوو...! کەشتی..وەک هەناسەیەکی ماندوو هەڵکێشێت..هەناسەیەک دوای سەفەرو تەقەلایەکی بێپەروا بە زەریاکاندا کەناری لێدەرکەوتبێت..ئارام ئارام دەرۆیشت و دەیگوت مرۆڤە ماندووەکانی نێو هەناوم واگەیشتین..گەیشتین و کەشتی لەنگەری گرت. نیگەران و دەروورن ئاڵۆز بووین،ئاستانەی پێشهاتێکی تاڵ و ..جێهێشینی پەیژەیەکی سەختیەکان بوو.هاوڕێکەم چووبوە سەر ڕەفەکەو

دانیشتبوو"شتێک کە پێویستە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە ئەم کەشتیەی ئێمە پێی هاتبووین،وەک کۆچبەران دەیانگوت تەنها گلابە–عارەبانەی شاحینەکانی بار دەکرد،واتە کەلەو مەکینەکەی پێوە نەبوو،لەو وڵاتەوە کە بار دەکرا بە کەلەو مەکینەیەک دەیانبردە نێو کەشتیەکەوەو کەلەو مەکینەکەی لە گەڵدا نەدەڕۆیشت،هەروەها کە دەگاتە وڵاتی دووەم،کەلەو مەکینەیتر دێت و دەیبات،کۆچبەران کەلە جۆکەریان پێدەگوت"،هەڵبەتە ئەمە بۆ ئێمە کێشەی دەبوو،چوونکە زۆرێک لەو گلابە شاحینانە بە تایبەت ئەوانەی باری تێدا نییە،دوای ئەوەی لە کەشتیەکە دایدەگرن لە نێو گۆڕەپانی بەندەرەکەدا دەکەنەوەو بە جێیدێڵن،لەوانەیە چەند سعات و چەند ڕۆژو مانگیش بخایەنێت،کێشەیەکیتریش لەم نێوەدا ئەوەیە هەرچەندە لە کۆنترۆڵی بەر دەرگای کەشتیەکە ڕزگارت بێت،ئەگەر پۆلیس لەو نزیکانە بتبینێت دەتگرێت،چوونکە دەزانن تازە هاتوویتە ئەو وڵاتەوە،ئەمە دواتر ڕوون دەبێتەوە...

هاوڕێکەم لە سەر ڕەفەکە دانیشتبوو منیش لە پشتی دەرگاکەوە وەستابووم و چاوەڕێی بە ڕێکەوتنی شاحینەکەم دەکرد،تاکو یەکسەر خۆم هەڵواسمە سووچی سەرەوەی دەرگاکەدا.هەستمانکرد کەلە جۆکەرەکە هات و خۆی چەسپاندە گلابەکەوە،من هێشتا خۆم هەڵنەواسیبوو پێم وابوو چەند دەقە دەخایەنێت تاکو بە خۆیەوە بیبەستێت،کەچی ئەو بە چەند چرکە کاری خۆی تەواو کردو پەتیکردین،تەواو شپرزە بووم تاکو خۆم هەڵواسی.

شاحینەکە گەیشتە کۆنترۆڵەکەو وەستا،ئێمە وەکو دوو کۆتری تەڕەو لانەواز داڵاس سەری لێشێواندبێت،خۆمان مات و لوول کردبوو..! من چوونە تەنها بە دەستم خۆم هەڵواسیبوو،هەردوو باڵم خەریک بوو دەشکا.

لە بەر ئەوە من بە سەر دەرگاکەوە بووم و سەرم خوار کردبووەوە،مەترێک دەرەوەی دەرگاکەم دەبینی.جەندرمەکانم لێوە دیاربوون..دوو کەس بوون.. یەکێکیان خۆی هەڵواسیە دەرگاکەداو سەیرێکی نێو شاحینەکەی کردو دابەزیە خوارەوە،تەنانەت سەیری پشتی دەرگاکەشی کرد بەڵام سەری بەرز نەکردەوە سەیری بنمیچەکە بکات.

شاحینە بە ڕێکەوت چەند دەقە ڕۆیشت و لە شوێنێکدا وەستاو گلابەکەی کردەوەو بە جێیهێشتین! ئەوەی لێیدەترساین ڕوویدا.زۆرێک لە شاحینەکان لەوێ نایکەنەوە یان ناوەستن و یەکسەر دەڕۆن بۆ شارو یان وڵاتانیتر، ئەوانەی کە یەکسەر دەڕۆن مەترسی گرتنیان نامێنێت،کۆچبەران دوای یەک دوو سعات ڕێکردن،ئیتر دەزانن ترسی پۆلیسیان نەماوە لە شاحینەکە دەدەن و شۆفێرەکە شاحینەکە ڕادەگرێ و ئەوانیش دادەبەزن.

لە درزێکی چادرەکەوە سەیرێکی دەرەوەمان کرد،بە سەدان شاحینە وەستابوو،بەندەرێکی زۆر گەورە بوو،بەڵام نەمانزانی ئەوێ کوێیەو بەندەرەکە ناوی چییە.

دیار بوو کات پێشی نیوەڕۆ بوو،بە هۆی نزمیی خۆرەکەوە دەمانزانی. بە نیگەرانییەوە کاتمان بە ڕێدەکرد،هیلاکو برسی و بێحەوسەڵە ببووین. هێشتا نەماندەزانی چەند سعات و ڕۆژە نانمان نەخواردووە،دەمێک بوو تەنها جگەرەمان دەکێشا.جگەرە بۆ من دەرمانێکی دەروونی و ڕۆحی بوو، من – مرۆڤی جگەرەکێش کاتێک ڕووت دەکرێتەوە..دووکەڵ ئەو گەرماییە ڕۆحی و دەروونیەیە لە سەرماو

تۆفانی خەمە گەورەکان دایدەپۆشێت..! هەمیشە وەک دووکەڵ زەدەیەک مژم لێدەداو بە بامدا دەکرد،وەک ئەو مرۆڤە داخ لە دڵانەی لە کاتی خەم و ئازارەکانیاندا،پەنا بۆ مەیی و جگەرە دەبەن و وەک بیانەوێت خەم و ژانەکانیان لە گەڵ بە باکردنی دووکەڵدا بە با بکەن.بەڵام بۆ من دیسان دەرمانێکی کاتی دەبوو..چێژو ئارامییەکی کاتی چەشنی ڕاهاتن و خوی دووکوڵ زەدەیەک کە دواجار تەنها چێژ وەردەگرێت،چێژێک وەک بروسکە دێت و وەک بروسکەش دەڕوات..دواجار– کاتێک– دیسان– دەرگای خەمەکان واڵا دەبێت..هاوارە گەورەکان دەست پێدەکات...! دواجار..خەمەکانی من قرچەی زام و نرکەی دەم ستەمێکی قووڵ بوون و لە قووڵاییەکانی دەروون و ئەندێشەمەوە دەهاتن و لەتی دەکردم.خەمەکانی من خەمی مرۆڤێک نەبوون چەند ڕۆژ نانی نەخواردبێ و ماندووو بووبێت و ڕۆژانێک لە سەر جادەو خەرابەکاندا خەوتبێت و ماڵی نییەو پۆلیس ئازاری دەداو ئازاری داوە.هەرگیز خەمێک نەبوو لە دوا مەنزڵی ئەم کۆچ و شەوارەبوونەدا کۆتایی بێ و بتوانم کۆتایی پێبێنم، من زادەی ژانگەلێک بووم کە ژانی هەموو مرۆڤ و ستەمەکانی بوو لە یەکتر، ژانی ئەو هەموو پروپووچپەرستییەی مرۆڤ کە مرۆڤایەتی خۆی پێدیل و نابوت کردووە،من خەمەکانم تێکەل بە خەم و ئازارە گەرەکان دەبوون، من لە دەست بێدادیەکان بە ژان هاتبووم..بۆیە نە ئۆقرەم دەگرت و نە ئارام دەبوومەوە...

دنیا هێشتا تاریکو ڕوون بوو،لە شاحینەکان هاتینە خوارەوەو وەک هەر بوونەوەرێک کە لە هەموو بوونێک بە ترس و گومان بێت،بە ترس و نیگەرانییەوە بە نێو شاحینەکاندا ڕێمان دەکردو بە چاو هەموو شتێکمان دەپشکنی و دەخستە ژێر نیگای گومانەوە،هیچ شتێک لەو دەوروبەرە نەبوو ئێمە گومانی لێنەکەین..! دارو بەردو خانوو سەیارەو مرۆڤ ..!

دەمانویست ڕێگەی دەرچوون لە بەندەرەکە بەرەو دەرەوە بدۆزینەوە، بەندەرەکە زۆر گەورە بوو نەماندەزانی کامە ڕێگە بەرەو دەرەوەمان دەبات. ماوەیەک گەڕاین ڕێگەمان نەدۆزیەوە،دیسان گەڕاینەوە نێو شاحینەکە، وڕوکاس ببووین،هیلاکو ڕەش هەڵگەڕاوو ژەنگاوی،لە جۆرێک بوونەوەردەچووین تەنها لە مرۆڤ بترسێت..ئاوا..لە مرۆڤ دەترساین! دەبوا کەس نەمانبینێ و هەموو کەسێکیش وەک پۆلیس وابوو لە چاوی ئێمەدا..پۆلیس ئەو تارماییە مرۆییە ناحەزو ناشیرینە بوو لە هەموو شوێنێکدا ئامادەگی هەبوو،یانیش ئێمە لە زەینی خۆماندا دروستمان دەکرد.

دیسان دابەزین و گوتمان ئەمجارە ملی پێوە دەنێین،هیچ حەوسەڵەمان نەمابوو..گوتمان ئەوپەڕی دەگیرێین !شەوارەی شەوانەی کۆچ هیج دڵنیاییەکی تێدا نییە..هەموو قەدەرێک لە دەستی ڕێکەوتدایەو کۆچبەر دەبێت ئەو حەقیقەتە قەبوڵ بکات!

ڕێگەیەکیتر هەبوو کە جاری پێشوو بینیمان پێمان وابوو ئەوە ڕێگای دەرچوونە بەرەو دەرەوە،بەڵام ئێمە ترساین و بەوێدا نەڕۆیشتین چوونکە سەیارەیەک وەستابوو گوتمان لەوانەیە پۆلیس بێت! ئەمجارە دابەزین و بەوێدا ڕۆیشتین،ڕێگاکە بەرەو دەرەوە بردمانی.چارەکێک ڕێمانکردبوو هیچمان تووش نەهات..لە پڕێکدا سەیارەیەکی پۆلیسمان بینی لە شوێنێکدا وەستابوو..لەوکاتەدا کەوتەڕێ و ڕێکوڕاست بەرەو لای ئێمە هات،هیچ گومانمان نەبوو کە بۆ گرتنی ئێکە دێن،هات بە تەنیشتماندا تێپەڕی و ڕۆیشت،ڕێکەوتێکی ناخۆس بوو دڵ و دەروونمانی هێنایە لەرزین!

کەمێکیتر ڕۆیشتین تاکسیەکمان بینی،یەکسەر دەستمان لێڕاگرت و وەستا، بە ئاماژەو یەکدوو وشەبڵمەبڵمی ئنگلیزی گوتمان بۆ ڕۆما دەچین. ئێمە دەمانویست ئەو بمانبات بۆ ڕۆما،هێشتا نازانین چەند پارەی دەوێت، ئەویش بەو جۆرە تێگەیشت کە وێسگەی قیتاری ڕۆمامان دەوێت،بۆیە گوتی وێسگەی قیتاری ڕۆما؟ئێمەش یەکسەر گوتمان یەس یەس..! گوتی سەرکەون.

کە چووینە نێو تاکسیەکەوە ترسی گرتنمان نەما،شۆفێرەکە یەک پرسیاری لێکردین:خەڵکی کوێن؟ گوتمان ئیراک..دوای پانزە دەقە لە نێو شارێکداو لە وێسگەی قیتار دایبەزاندین،نامانزانی ناوی شارەکە چییە.لەو وڵاتانە خەڵکی هێندە سەرنجی کەس نادات،بەڵام چوونکە ئێمە پیس و ژەنگاوی بووین و ڕوناکی بە ڕۆخسارمانەوە نەمابوو،خەڵکی سەرنجی دەداین.

لەوێ پرسیاری قیتاری ڕۆمامان کرد،گوتیان یانزەی شەو دەردەچێت.ئەگەر چی ترسی گرتن لە گۆڕێ نەبوو،بەڵام ئێمە هەر دەترساین!

هەندێک خواردنمان کڕی و خواردمان،من نێو گەرووم وەکو زامی لێهاتبوو،کە پارووەکانم قووت دەدا وەکو بە سەر برینا بچێت وابوو. هەروەها یەکی دوو پاکەت جگەرەشمان کڕی.دوایی چووینە قاوەخانەیەک دانیشتین و قاوەمان خواردەوە تاکو کاتی دەرچوونی قیتارەکە.

سعات یانزە قیتار هات و سەرکەوتین،هەر لە نێو قیتارەکەدا تکتمان بڕی. ماوەیەک بوو سەرما ڕچاندبوومانی،نێو قیتارەکە ئەو گەرماییە بوو شەختەکانی جەستەمانی دەتواندەوە،زۆرجار لە نێو قیتارەکەدا خەومان لێدەکەوت و بە ئاگا دەهاتینەوە.

سبەینێ ڕۆژ بووەوە گەیشتینە ڕۆما،لەوێ لە دابەزین و پرسیارمان لە خەڵکو خاوەن تاکسیەکان دەکرد بەڵکو شوێنی عێراقیەکانمان پیبڵێن،بەڵام دەیانگوت نازانین،شۆفێری تاکسیەکان داوای ئەدرەسیان دەکرد ئێمەش ئەدرەسی شوێنەکەمان پێنەبوو.ئێمە بیستبوومان کوردەکان لە پارکێکدان بە ناوی پارکی پەپوولەکان،بەڵام ئەوە ناوی ڕەسمی پارکەکە نەبوو،بەڵکو ناوێکی خوازراو بوو،دیاربوو کۆچبەران ئەو ناوەیان لێنابوو! ناوێکی جوان و پڕ ماناو شاعیرانە بوو."پەپوولەکان"مەبەست لە کۆچبەران بوو کە ئەو پارکەیان کردبووە مەنزڵگاو ئۆقرەی بێئۆقرەییان تێدا گرتبوو. پەپوولەکان لە مەوداو سەرزەمینێکی زۆر دوورەوە کۆچیان کردبوو.. لەوێدا بە یەکا دەهاتن و بۆ بەهاروگوڵ و سەوزایی دەگەڕان..بەڵام سەوزایی نەبوو..گوڵ نەبوو..بەهار نەدەهات..پەپوولەکان سەدان هەناسەو باڵی هەڵقرچاو بوون و لە جوگرافیای بێگوڵ و بەهارەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئارامی دەگەران..بەڵام ئارامی نەبوو...

دوایی تەلەفۆنمان بۆ برادەرێک کردو ئەدرەسی شوێنەکەمان لێوەرگرت و نووسیمان،ئینجا چوومە لای شۆفێری تاکسیەکو ناونیشانەکەم بۆ خوێندەوە،من هێندە بە سەقەتی خوێندمەوە ئەو نەیتوانی تێبگات.. کاغەزەکەی لە دەستم وەرگرت گوایە خۆی بیخوێنێتەوە،یەکسەر دایەوە دەستم"وەکو ئەوە وابوو نارنجۆکم دابێتە دەستی"من بە ئەلفوبێی خۆماڵی نووسیبووم ! دووبارە بۆم خوێندەوە..کەمێک وەستاو بیری کردەوە،وەک هەوڵ بدا چی ناوێک لەو ڕستە عاجباتییەی منەوە نزیکە،ئینجا ئەویش ئەدرەسەکەی بە شێوەی خۆی خوێندەوە،گوتم بەڵێ بەڵێ ئەوەیە بە ساقەوبم..! بردمانی و لە" پارکی پەپوولەکان" دایبەزاندین! ئێمە هیلاکو سەرما بردوو تۆقیو! بووین،وەک هەر نێچیرێک لە ژێر دەم و دان و چنگ و

چەپۆکی ڕاوچی ڕزگاری بوویێت و لە نزیکەی مەرگ گەڕابێتەوە،وەها ڕۆخسارو جەستەیەکی کەنەفت بووین.لە شوێنێکدا بێ ترس و دوور لە هاتن و چاوەڕوانی لێدان و گرتن و پێلەقەی پۆلیس ڕاکشاین.چاوم لێکدەناو بە بێویستی خۆم بیرم لە خۆمان دەکردەوە! هەندێجار-چرکە-دەکەوتمە وەها دۆخێکی بیرکردنەوەو ڕامان و خەیاڵ و گومانەوە وەکو ئەوەی خەون ببینم یان خەونم بینیبێت! چۆن گەیشتینە ئێرە.. خەریک بوو باوەڕ نەکەم!

چەند کەس لە کوردەکان کە دیار بوون لەوێ دەژیان،لە چەند شوێنی ناو پارکەکەدا خواردن و چایان دەفرۆشت،ئاگریان دەکردەوەو گۆشتیان لە سەری دەبرژاندو هەروەها چاشیان لە سەر تەباخ و ئاگرەکەش دەکوڵان. ئێمەی سەرما بردوو تینووی ئاگر بووین،چووین لە لای کوانووەکەوە دانیشتین و خواردن و چامان داواکرد.من تاسەی چام دەکرد..چەند چای گەرمم خواردەوە..چەند جگەرەی پڕ حەسرەتم کێشا..!

دوایی وەک هەر بوونەوەرێکی بێهێلانەو ماڵ بەو ناوەداو نە شەقامەکاندا دەسووڕاینەوە،کە شەویش داهات هەر یەکێک چەند پارچە کارتۆنمان هێناو لە پەنا دیوارێکداو لە نێو پارکەکەدا ڕامانخست و لە سەری هەڵکورماین.سێ بەشی کات لە سەرماندا بە ئاگا بووین،تاکو ڕۆژ بوەوە هەر خۆمان دەگوشی و خۆمان لوول دەدا.

سبەینێ دوای نیوەڕۆکەی بوو لە پڕێکدا لە گەڵ ئەو برادەرە ڕووبەڕوی یەکتر بووینەوە،کە لە یۆنان لە پارکی لای بەندەرەکە هات بۆ لامان و پێمان گوت،بچێت دەوروبەری بەندەرەکە تاقیبکاتەوە تاکو بزانین قاچاخچیەکان لەوێ ماون یان نا! باوەشمان بە یەکدا کردو یەکترمان ماچ کرد.دوایی پرسیارمان لە بارەی دەرچوونی یەکترەوە لە یەک کرد.گوتم چۆن دەرچوویت و کەشتیەکە کەی دەرچوو؟ئەو گوتی کەشتیەکە ئەو ئێوارەیە دەرنەچوو،بەڵکو سعات دوانزەی شەوی دواتر دەرچوو! ئەو کاتە زانیم ئێمە چەند دواکەوتینە کە دەکاتە سێ شەوو ڕۆژ! سێ شەوو ڕۆژ هیچمان نەخواردبوو،ئێمە شەوی هەینی چووینە نێو کەستیەکەوە دووشەمە گەیشتینە بەندەر.

پاشان باسی خۆی بۆ کردم کە چۆن چۆتە نێو کەشتیەکەوەو لە نێو شاحینەیەکدا خۆی شاردۆتەوە بارەکەی شتێک بووە وەکو ناوکە لۆکە! کاتێکیش گەیشتۆتە کۆنترۆڵی ئیتالیا،چاڵێکی تێدا کردووەو چووەتە نێویەوەو بەو کەرەستەیە خۆی داپۆشیوە.وەکو باسی دەکرد زیاتر لە مەترێک کەوتبووە ژێر شتەوە،دەیگوت چەند جار هەستم بە خنکان دەکردو پێم وابوو ئیتر دەمرم! هەروەها دەیگوت نەمدەتوانی هیچ جووڵەیەکیش بکەم! دوایی پرسیاری ئەو دوو برادەرەیترم لێکرد،بە تایبەت حەسەن، چوونکە حەسەن چووە نێو کەشتیەکەوە،گوتی هەردووکیان گیراون،ئێمە ئاگەداری یەکێکیان بووین کە گیرا،بەڵام حەسەن کە چووە نێو کەشتیەکەوە ئیتر ئاگامان لێنەما.دیارە دوایی بۆی گەڕاون و ئەویشیان دۆزییەتەوە.من بەو هەواڵە زۆر دڵگران بووم،حەسەن تەقەلایەکی بێپەرواو شێتانەی دەدا تاکو ئەو دۆخە پڕژان و ژارەی تێپەڕێنێت.ئەوە بوو ئەو ئێوارەیە عەرەقێکی زۆری خوادبوەوەو دەیویست مەستانە سەوڵی هیواو ئومێدە بە دینەدەهاتووەکانی لێبدات،خۆی مەست کردبوو تاکو هەست و تواناکانی ئازاد بکاو لە مەرگی خۆیشی نەترسێت"شەرم لە پاڕانەوەش نەکات". ئەو مەستانە بە جلی تەڕەوە لە بەر هاژوهوژی

باو تۆفاندا ڕاوەستابوو داوای کۆمەکی دەکردو کەس لای لێنەدەکردوە،دەپاڕایەوە کە نەدەبوو ناچار بە پارانەوە بکرێت..دەمرد کەس حەقی ئەوەی نەبوو بیکوژێت.ئەو ڕۆخسارێکی ماندوو هەگبەیەکی پڕ ژانە ڕازی نەدرکاو بوو،مرۆڤێکی داخ لە دڵ و هەڵاتووی دەستی ستەم و زۆرداری بوو،وەک هەزارانیتر تەرەو دابڕاو لە ئازیزانی..لە ناڵەکانی وەکو ڕەهێڵەی باران فرمێسکی بۆ دەڕشتن.. دنیایەکی سەیرو پووچە..کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پڕە لە زەلکاوو زۆرترین ئارامی و لەزەت مێش و مەگەسەکان دەیبەن.

کەنیسەیەک هەبوو ئێواران خواردنی دروست دەکرد،ئەو کەسانەی کە بێ جێگەو ماڵ بوون دەیانتوانی بچن لەوێ نان بخۆن و هەروەها خۆیان و جلەکانیشیان بشۆن،ئێمەش ئەو ئێوارەیە ڕۆیشتین بۆ ئەوێ هەم خۆمان و جلەکانمان شت و هەم نانیشمان خوارد.

هەفتەیەک لە ئیتالیا مامەوە،شەوانە وەکو ئەوانیتر لە پەنا دیوارەکاندا دەخەوتم.هەموو ئێوارەیەک دنیایەک کارتۆنمان دەهێناو سبەێ شارەوانی دەهاتن و کۆیان دەکردنەوەو فڕێیان دەدا،ئەوە بەرنامایەک هەموو ئێوارەو بەیانییەک دووبارە دەبوەوە.

لە ئیتالیا پۆلیس ئازاری کۆچبەرانی نەدەدا،یاخود من نەمبینی،بەڵام وەکو کۆچبەران باسیان دەکرد هەر کاتێک بیانویستایەو بۆیان ڕێککەوتایە کۆچبەرانیان دەگرت و بە زۆر پەنجە مۆریان پێدەکردن،ئەوەش بە لایەنی کۆچبەرانەوە کارێکی خراپ بوو،چوونکە کاتێک بۆ وڵاتێکیتر دەچون و ئەگەر پەنجە مۆری ئیتالیایان هەبوایەو ئاشکرا بوایە،ئەوا ڕەفزیان وەردەگرت یاخود دەیان ناردنەوە بۆ ئیتالیا یانیش بە خراپی لە سەر کەیسەکەیان دەکەوتەوە.

ئێوارەی دوا ڕۆژی هەفتە لە گەڵ پێنج کەسیتردا تکتی شارێکی فەڕەنسامان بڕی بە ناوی"دیژۆن"،ئێمە خۆمان تکتەکانمان نەبڕی،چوونکە دەیانگوت لەوانەیە داوای پاسەپۆرت بکەن و ئێمەش ئەو کاغەزە هیچ و پووچەمان نەبوو.چەند کەس لە کوردەکان کە ئیقامەی ئەوێیان هەبوو هەمیشە لە نێو کۆچبەراندا بوون و بیست سی ئۆرۆو زیاتریان لە کۆچبەران وەردەگرت و تکتەکانیان بۆ دەبڕین،ئەوەش جۆرێک بوو لە قاچاخچێتی،ئێمەش هەر یەکێ و سی یۆرۆماندو تکتەکانیان بۆمان وەرگرت.

سعات حەوتی ئێوارە چووینە نێو قیتاری شاری دیژۆنەوە،ئێمە شەش کەس بووین هەر دوانمان چووینە نێو فارگۆنێکەوە.هێشتا قیتارەکە بە ڕێنەکەوتبوو،کارمەندانی نێو قیتارەکە–ئەوانەی داوای تکت و پاسەپۆرت دەکەن،هاتن و داوای تکت و پاسیان لێکردین،من و هاوڕێکەم تکتەکانمان دایە دەستیان.گوتیان پاسەپۆرت؟نۆ پاسەپۆرت..!هەندێک قسەیانکرد هیچ تێنەگەیشتین،گوتیان ئنگلیزی دەزانن؟نۆ..ئیتالی فەڕەنستی؟نۆ..قسەکانی دواتریان ئەوە بوو کە لە ڕێگا پۆلیس هەیەو دەتانگرن،من بە وشەکانی پۆلیس و کۆنترۆل لە مەبەستیان تێگەیشتم.ئێمە بێدەنگ ماینەوەو ئەوانیش ڕۆیشتن.من دەمویست ئەوان لە کۆڵمان ببنەوەو بڕۆن،ئیتر لە ڕێگا چی دەبێت و چی ڕوو دەدات گرنگ نییە،من بە نێو تونێلی مەرگ و پەیژەی ئازارا هاتبووم،پاسەپۆرت و ئەو کاغەزە بێبەهاو هیچوپوچەم نەبوو ئەوان داوایان دەکرد.ئەگەر گێلی و گەمژەیی یاساوڕێسا پووچەکانی مرۆڤ و سیستەمە خورافیەکەی نەبێت،ئازادی چی پەیوەندیەکی بەو کاغەزە بێنەخەوە هەیەو دەبێت! ئازادی چی پەیوەندییەکی بە یاساو ڕێساو چوارچێوە دانانەوە هەیە؟دەبێت کاغەزێکت هەبێت تاکو بزانن کێیت خەڵکی کوێ و بۆ کوێ

دەچیت!! ئەم سیستەمە چی کۆمیدیایەکە..ئەوە نابینێت تۆ مرۆڤیت،مرۆڤیت و ئیتر هیچ ناسنامەیەکیتر پێویست نییە..بەڵکو شەرمە بۆ مرۆڤ ئەگەر ناسنامەیەکیتری هەبێت...

هەر ئاواشیان بەو برادەرانەیتر گوتبوو،ئەوان یەکسەر دابەزیبوون و هاتنە بەردەم پەنجەرەی ئەو فارگۆنەی ئێمە تێیدا بووین،لە خوارەوە ئاماژەیان بۆمان دەکرد ئێمەش دابەزین.هەستام و پەنجەرەکەم کردەوەو گوتم چی بووە؟گوتیان پێیان گوتوین لە ڕێگا پۆلیس هەیەو دەتانگرن بۆیە دەبێت دابەزین.منیس گوتم ئێمە تکتمان بڕیوەو بەو هۆیەوە کە زمان نازانین ناتوانین پارەی تکتەکانمان وەرگرینەوە،هەروەها لە هەر کوێ بین و هەر کاتێک بڕۆین هەر دەبێت بەم شێوەیەو بە قاچاخ بڕۆین،کەواتە باشتر ئەوەیە بڕۆین،ئەگەر بشمانگرن دەمانگێڕنەوە بۆ ئیتالیا،ئیتر ئەوانیش دووبارە سەرکەوتن،ئەوان بهاتنایە یان نا من هەر دەڕۆیشتم،بەڵام هاتنی ئەوان بووە هۆی کێشەیەکی گەورە بۆ من،ئەمە دواتر ڕوون دەبێتەوە.

پێم وابێت ماوەی چوار پێنج مانگێک دەبوو کۆنترۆڵی نێوان ئیتالیاو فەڕەنسا توندوتۆڵ کرابوو،ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە ئەو کامپەی لە کالاس بوو"کالاس شارێکی فەڕەنسایەو کامپی لێبوو"داخرابوو چیتر کۆچبەری عێراقی وەرنەدەگرت،هەرکۆچبەرێکیش بڕۆیشتایە بۆ ئەو شارە وەریان نەدەگرت و دەبوا لە دەرەوەو لە سەر جادەو پەناو پەسێوو خەرابەکاندا بخەوتایە.لە بەر ئەوە زۆرجار کۆچبەران لە نێوان ئیتالیاو فەڕەنسادا لە لایەن پۆلیسەوە دەگیران و دیپۆرتی ئیتالیا دەکرانەوە، هەنێجار لە شوێنێکی دوور لە وێسگەو هێڵی قیتار بەرەڵایان دەکردن و دەبوا چەندین سعات بە پێ بڕۆیشتنایە تاکو دەگەیشتنە وێسگەی قیتار.

گەیشتینە شاری دیژۆن و چرۆچارەی پۆلیسمان نەبینی،هەرکەسەو ڕۆیشت بۆ خۆی تکتی شاری پاریس ببڕێت. من تکتی خۆمم بڕی و گەڕامەوە سەرئەو شۆشتەیەی کە قیتاری پاریسی لێوە دەڕۆیشت،یەک تکت بە چلوپێنج یۆرۆ بوو.دوایی سەیرمکرد ئەو برادەرانە شپرزەبوونەو بەرەو لای من دێن، من پێشتر ئەوانم نەدەناسی و ئەوان دۆست و ناسیاوی یەک بوون . هاتن و گوتیان پارەکەمان بەشی سێ تکت دەکاو دوانمان بێ تکت دەمێنینەوە،بەڵکو تۆ پارەی ئەو دوو تکتەمان بۆ بدەیت و هەر کە گەیشتینە پاریس یەکسەر پارەکەت دەدەینەوە،گوتیان برادەرمان لەوێ هەیە! بەڵێنی دانەوەی پارەکە لە پاریس و چەند ڕۆژیتر بەڵێنێکی بێمانا بووا! مرۆڤی ئەو کات و سات و ڕۆژگارانە قایل ناکات! بەڵام ئەوەی منی نیگەران دەکردو قایلی بکردایەم، سیمای پەشۆکاوو نیگەرانییەکانی ئەوان بوو،کە دەکرا بە هۆی دەرنەچوونیان لەو شارە پۆلیس بیانی گرتایەو دیپۆرتی ئیتالیایان بکردنایە.هەروەها لایەنێکیتریش کە بیرم لێدەکردەوە بێپارە مانەوەی خۆم بوو.ڕووبەڕوی هەڵوێستێکی دژوار ببوومەوە،هەروا بیرم دەکردەوە پارەیان بدەمێ یان نەیدەم! ئەگەر نەدەم حەقی خۆمەو خۆیشم بێپارە دەمێنمەوە، وەکو ئەو ڕۆژانەم لێدێت نەتوانم جگەرەیەک بکرم.هیچ کێشەیەکم لە گەڵ نانخواردندا نەبوو..دەتوانم هەفتەیەکیش نەیخۆم..ملیۆنان برسی لە دنیادا هەیەو بە درێژایی ژیانیان برسین و بە برسێتیش دەمرن! بەڵام بێجگەرەیی شێتی دەکردم،جگەرە ئەو میکرۆبە پیسە نەبوونی لە شەوە ساردەکانی شەوارە بووندا کوێرم دەکات.من دەمزانی شەوگەلی شەوانەکانی سەفەر دوایی نایەت،ئەو شەوانەی تێیدا هیچم نابێت بێجگە

جگەرە!

حەقیش بوو پارەیان بدەمێ چوونکە پێویستیان بە کۆمەک بوو،هیچ نەبێت لە ژانەکانی شوێنێک دووریان دەخاتەوەو دەیانباتە شوێنێکیتر.من لە نێو ئەو هەموو حەق و ناحەقەدا گیرم خواردبوو نەمدەزانی چیبکەم.پێم دەگوتن خۆیشم بێپارە دەبم و کەسیش نییەو نابێت پارەی جگەرەیەکم بداتێ، لە پارەی ئەو پێشهاتانەوە کە لە بێپارەییدا تووشم دەبێت زۆرم لە گەڵیان گوت،دەمگوت بەڵکو قایلیان بکەم و وازم لیبێنن و ڕێگەیەکیتر بۆ خۆیان بدۆزنەوە! بەڵام ئەوان هەر ئەوەیان دەگوت کە پارەیان بدەمێ.دەیانگوت پیاوەتیەکی گەورەمان لە گەڵ دەکەیت.من ڕقم لەو وشە "پیاوەتیە" بوو کەچی ئەوان دەیانویست لەو وشە ناشیرینەدا، مرۆڤدۆستی من بەرجەستەبکەن... بە هەرحاڵ..پارەم پێدان و تکتەکانیان کڕی..من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی پارەکەیان دەدەمێ..! سەدوچل یۆرۆم پێبوو نەوەدیم بەوانداو پەنجاشی لای خۆم مایەوە.

چووینە نێو قیتارەوەو بەرەو پاریس بە ڕێکەوتین.کۆچبەری کورد لە نێو قیتارەکاندا غەمگین و نامۆ دیارە! یەکێک لەو هۆکارانەی کۆچبەر لە نیو قیتارا غەمگین و نامۆ دەکات،ئەوەیە ئەو نازانێت بۆ کوێ دەڕوات! ئایا ناگیرێت..ئایا بە ڕاستی دەگاتە ئەو شوێنە خەیاڵییە کە بۆی دەڕوات؟ ئەو هەزارو یەک بیرۆکەو خەیاڵات بە مێشکیا دێت،هەرگیز لەو شوێنە نییە کە تێیدایە.."ئێرە" شوێنێکە ئەو تێیدا نامۆیە،زمان نازانێت،ناتوانێت لە گەڵ خەڵکیدا قسە بکات،شارەزای هیچ شوێنێک نییەو شوێنەکان بۆ ئەو تازەو نەدیتراوو ئەزموون نەکراوون! "ئەوێ"ش کە ئەو بیری لێدەکاتەوە بە خەیاڵ تێیدایە،هیچی لە بارەوە نازانێت،شوێنێکە هیچ زانیارییەکی لە سەری نییە،ئەو دەڕوات و لە هەموو "شوێنێک" نامۆیە...!

من-ئێمەش غەمگین بووین،من هەمیشە جگەرەم دەکێشا..!

سعات نۆی بەیانی گەیشتینە پاریس،لە وێسگەکە هاتینە دەرەوەو تەلەفۆنیان بۆ برادەرەکەیان کرد،ئەویش ناونیشانی شوێنێکیداو گوتی وەرن بۆ ئەوێ و دێم بۆ لاتان.هەڵبەتە بۆ کەسێک زمان نەزانێ و شارەزا نەبێت دۆزینەوەی شوێنەکان ئاسان نییە،هەروەها لە شارێکی گەورەو جەنجاڵی وەکو پاریسیشدا.

هێشتا هەر لە نزیکی وێسگەکەدا بووین کوڕێک هات بۆ لامان و بە عەرەبی گوتی بۆ کالاس دەڕۆن،گوتی ئەگەر بۆ ئەوێ دەڕۆن من یارمەتیتان دەدەم ئێوەش یارمەتیم بدەن؟کالاس ئەو شارە بوو کە کامپەکەی لێبوو دەکەوتە سەر دەریاوە،عێراقیەکان دەچوونە ئەو شارەو لەوێوە لە ڕێگەی شاحینەو کەشتیەکانەوە دەچوون بۆ بەریتانیا.

ئەم کوڕە بێماڵ و حاڵ بوو،هەروەها ئاشنای عێراقیەکان ببوو کە دێنە پاریس و لەوێوە بۆ کالاس دەڕۆن،بە هۆی ناشارەزایی کۆچبەرانەوە دەچێتە لایان و دەڵێت یارمەتیم بدەن منیش یارمەتیتان دەدەم،مەبەستی ئەو ئەوە بوو کەمێک پارەی بدەنێ ئەویش ڕێنماییان دەکات.ئەوخەڵکی جەزائیر بوو. کۆچبەر کاتێک دەگەیشتە پاریش لە وێسگەیەک دادەبەزین ناوی "گاردینۆرد"بوو،هەروەها ئەو وێسگەیەش کە قیتاری کالاسی لێبوو ناوی"گاردیلێون"بوو،نێوان ئەم دوو وێسگەیە بڕێک دوور بوو،بۆ کەسێک ئەگەر شارەزا نەبێت لەوانەیە دۆزینەوەی کەمێک دژوار بێت،وەکو گوتم بۆ مرۆڤی ناشارەزا

لەوانەیە کێشەی دۆزینەوەی تووش بێت،بۆیە بە لای ئەو کۆچبەرانوە کە دەیانەوێت بە کالآس بگەن،دە یۆرۆو بیست یۆرۆ هێندە بایەخی نەدەبوو پێی بگەنە شوێنی مەبەست.
ئێمەش گوتمان بۆ کالآس دەڕۆین بە ڵام لە پێشدا دەبێت بۆ ئەم شوێنە برۆین،کێشەکەمان بۆ باسکرد گوتی باشە من لە گەڵتان دێم و دەتانبەم.
گەیشتینە شوێنەکەو تەلەفۆنیان بۆ هاوڕیکەیان کردو بەڵام گوتی نایەم و کارم هەیە! گوتیان بەیانی دوو بەیانی..گوتی ناتوانم،ئەوەی لێی دەترسام هایە دی.ئەو کەمە پارەیەش کە پێم مابوو بەشی هیچی نەدەکردو بە هیج کوێی نەدەگەیاندم،ئیتر بە ناچاری بوومە هاوڕێی سەر جادەو شەوە ساردەکانیان!
تاکو دوا نیوەڕۆیاکی درەنگ بە جادەکاندا دەسووڕانینەوەو پیاسەی بێمەرام و مەبەست و بێلەزەت و سەرگەردانیمان دەکرد! شەوە ساردەکان و شەوارە سەختەکان لیرەوە کوێرترو پر ئێشتر دەستی پێکرد!شەوارەبوون دەکرێت سەختترو سەختتر..کوێربوون و کوێرتر..وونبوون و وونتر بێت.. وەکو ئەو سوێسکانەی کە لە شەوەکانی سامالدا ڕاویان دەکەیت و شەوارەیان پێدەکەیت..ئەوانە دەکرێت لێیان بفڕن و هەندێکیان لێدەربازبن. بەڵام ئەوانەی لە بەر باو بۆران و شەوەزەنگدا ڕاوو شەوارە دەکرێن کوێر دەبن..هێندە کوێر دەبن وەکو ئەوەی چاویان نەبێت..هێندە وون دەبن وەکو ئەوەی لە بیریان چووبێتەوە" شوێن" هەیە...
تاکو ئەوپەڕی بێحەوسەڵەیی بێحەوسەڵە بووین و سەرماش وەکو چەقۆی جەلاد جەستەو هەناومانی دەبڕی.ئازارێکی تاڵە پارەو ماڵت نەبێ و سەرگەردان و بە سکی برسی بە شەقامەکاندا بسووڕێیتەوە.سەرمای پاریس شتێک نەبوو بێنەواکان بتوانن لە سەر جادەکاندا بەربەرەکانێی لە گەڵدا بکەن،سەرما لوولی دەکردین و دەیکردینە بەشێک لە خۆی.
کات درەنگ بوو هیچمان نەخواردبوو،دەمزانی خۆم و ئەوانیش برسین، بە هاوڕێ تازەکەمان گوت با بڕۆین کەمێک خواردن بکڕین. باخەڵی ئەویش باخەڵێکی هەمیشە سارد بوو،جگەرەشی نوبوو ئێمە جگەرەمان دەدایە، هەر ئەوەش بوو ئێمەی ئەمسەری دنیای کردە هاوڕێی ئەوی شەقامە ساردەکانی ئەو سەری دنیا!
ڕۆیشتین و ئەو برە پارەیە کە پێم مابوو هەندێکیم بە خواردندا،خواردنەکە بریتی بوو لە نان و تەماتەو چەند قووتوی گۆشتی ئامادەکراو.ئەو برادەرە بۆ "لحم حلال"دەگەڕا..و دەیگوت ئەوانە لحملحلالە..! گوتم من لحملحەرامیش دەخۆم..! گەڕاینەوە لە شوێنێکدا دانیشتین و بە یەکەوە خواردنەکەمان خواد.
ئەو برادەرانە دەیانگوت پارە حەواڵە دەکەین،کەی حەواڵەیان بۆ دەکرێت کەس نازانێت؟ بە برادەرە تازەکەشمان گوت هەر کاتێک پارەمان بۆ حەواڵە کرا یارمەتی تۆش دەدەین.تاکو درەنگێک بە شەقامەکاندا دەسووڕاینەوەو ئەمسەروئەوسەرمان دەکرد،سەرما دەیرچاندین و ئارامی لێبڕیبووین،ئەو برە پارەیە کە پێم مابوو بە کەڵکی ئەوە نەدەهات هەموومان بچووینایە ڕیستۆرانتێکەوە و سەرو قاوەمان بخواردایەتەوەو کەمێک گەرم داهاتایەین.
گوتم مەگەر تەنها جگەرە لە باخەڵم دەربیکات! بەڵام دواتر کە ئیتر لە سەرماندا ئارامم لێبڕابوو،بە دزی ئەوانەوە خۆم بە قاوەخانەیەکدا کردو قاوەیەکم خواردەوە،نەمدەتوانی بە ئەوانیش بڵێم چوونکە ئەو

کاتە نزیکەی بیست یۆرۆی دەکرد.چەند ڕۆژ نان نەخواردن ئاسایی تیدەپەڕێت، بەڵام چەند سعات بێجگەرەیی مرۆڤ کاس دەکات!
ئەگەر ئەو کاغەزە هیچووپوچەی پێی دەڵێن"پارە"نەتبێت،ئەوا ئەگەر لە سەرماندا ڕەق بیتەوەو لە برساندا بمری و بێجگەرەییش شێتت بکات، ناتوانیت دەرگای ماڵێک بکەیتەوەو سکت تێر بکەیت و جگەرەیەکیش بکێشیت! سیستەمی سەرمایەو مولکیەت ئاوایە..دەبێت هەموو مرۆڤێک پارەو ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆی هەبێت،ئەگەر هەر کەسێکیش بە هەر هۆیەکەوە ئەوانەی نەبێت،ئەوا دەبێت ڕووت و ڕەجاڵ و بێماڵ و حاڵ و برسی بێت! بەوەش دەڵێن یاساو عەدالەت و سرووشتی ئەبەدیەتی ژیان! چی دەبوو ئەگەر مرۆڤەکان لە هەر کوێ بوونایەو هەر کوێ بڕۆیشتنایە ماڵیان بوایەو خواردن و سەر زەمینەکان خواردن و سەرزەمینی هەموان بوایە؟! بۆ هەر شوێن و گۆشەیەکی ئەم دنیایە بڕۆیشتایە هەستی بە نامۆبوون نەکردایە! نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ و لە شوێن دیاردەو هەستێکی سرووشتی نییە،بەڵکو دیاردەو هەست و بیرو ڕەوشتێکی سەپێنراوو دروست کراوە.بارگاویە بە کولتورو فەرهەنگ و دیدی سیستەمی زاڵ بۆ ژیان و ماف و جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندی کردن.مرۆڤ لە شوێنێک هەستی کرد یاخود ئەو هەستەیان بە سەریا سەپاند کە ئەو خەڵکی ئەوێ نییەو مافەکانی لێرە نییەو کولتورو پەیوەندیەکانی جۆرێکیترە،ئیتر لەوێوە نامۆبوون دەست پێدەکات.ڕیشەی نامۆبوون لە سیستەمی خاوەندارێتی تایبەتیدایە،تا ڕۆژگارێک سیستەمی خاوەندارێتی تایبەتی بمێنێ و لەوێوە بیرو خەیاڵ و پەیوەندیە کولتوری و ئەخلاقیەکان دیاری و ئاراستە بکرێت،نامۆبوونی مرۆڤ بە شوێن و نامۆبوونی مرۆڤ بە مرۆڤ کۆتایی نایەت...
من لە هەموو شوێنێک هەستم بە نامۆبوون دەکرد..نامۆبوون ئازاری دەدام و تاک و تەنهای دەکردم..!
بەڵام نامۆیی من نامۆیی مرۆڤێک نەبوو بێ "وڵات" و"نیشتیمان"ەو غوربەتی خورافەی نیشتیمانێک بکات،ئەگەر بۆ زۆرێک لە کۆچبەران-کۆجبەرانی-هەر وڵاتێک،"ئەوانەی هێشتا نەیان توانیوە پەی بە خورافەی نیشتمان و شوێن و سنوورو غوربەتی مرۆڤ بەرن"،لە "غوربەتدا"مەیل و هەستی نیشتیمانیان تێدا زیندو بێتەوە ،بەڵام بۆ من زیاتر لە هەر کاتێک بێمانایی و پووچی و گەوجێتی بیروهەستی وڵات و نیشتیمان پەرستی و خورافاتەکانی سنوور زەقترو بەرجەستەتر دەبوون...
ئێوارەیەکی درەنگ بوو لە گەڵ یەکێک لەو برادەرانەدا وەستابووم و قسەمان دەکرد،برادەرەکە گوتی ئەو پۆلیسانە بەرەو لای خۆمان دێن، من پشتم لە پۆلیسەکان بوو،گوتم نزیکن؟گوتی بەڵێ نزیکن و وەک بۆ لای خۆمان بێن وایە.من بە بێ ئەوەی لا بکەمەوەو سەیری پۆلیسەکان بکەم، ئاسایی و لە سەرخۆ لە برادەرەکە جیا بوومەوەو ڕۆیشتم،بەو مەبەستەی تووشی گرتن و ڕووبەڕوی پۆلیس نەبمەوە،چوونکە هەندێجار هەر کۆچبەرێکیان بگرتایە چەند ڕۆژو هەفتەیەکو تاکو دە ڕۆژ زیندانیان دەکرد.
هێشتا دە مەتر نەڕۆیشتبووم دەستێک لە دواوە سەر شانی گرتم! من کە هێشتا لام نەکردبووەوە،هەستم کرد ئەو دەستانە دەستی پۆلیسن ! ئەگەرچی بە نەرمی شانی گرتم،بەڵام من هەستم بە قورسایی و نامۆبوونی ئەو گرتنە دەکرد،لە پشتی ئەو نەرم و نیانیەوە هەستم بە زەبرو زۆرداری دەکرد! یەکەم قسەیان پاسپۆەت؟ نۆ!لە کوێوە هاتووی؟ ئیراک! هەردوو باڵیان پێفشکردم و پشکنیمیان،وەک بۆمباکانی

ئەتۆم من دروستم کردبێ و لە باخەڵما بێت..هیچیان پێنەگرتم..!! کیسەیەکی نایلۆنم بە دەستەوە بوو پانتۆڵێکی کابۆی تەڕی تێدابوو،لە ئیتالیا شتبووم هێشتا ووشک نەببووەوە،دەریان هێناو گیرفانەکانیان دەپشکنی،داوای ئەو کاغەزەیان لێکردم کە لە کاتی کڕینی هەر شتێکدا لە مارکێتەکاندا دەتدەنێ و ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو شتە نەدزراوە،پاشان زانیان پانتۆڵەکە کۆنەو زووتر کڕاوە وازیان هێنا،هەر باش بوو بە دزیشیان نەکردم!

دوایی گوتیان بۆ کاڵاس دەڕۆیت؟گوتم نا لێرە دەمێنمەوە،ئەگەر بمگوتایە بۆ کاڵاس دەڕۆم لەوانە بوو بیانگرتایەم،چوونکە کامپەکە داخرابوو نەیاندەهێست کۆچبەرانی عێراقی بۆ کاڵاس بڕۆن.لە وێسگەی گاردیلێونیش کە قیتاری کاڵاسی لێوە دەڕۆیشت،پۆلیس بە تەواوی کۆنترۆڵی کردبوو نەیاندەهێشت هیچ عێراقیەک بچێتە نێو قیتارەکانەوە! پۆلیس لە بەردەم دەرگای قیتارەکاندا دەوەستا تاکو قیتارەکە بە ڕێدەکەوت.لە بەر ئەوە کۆچبەران بە تاکسی بۆ کاڵاس دەڕۆیشتن،بەڵام تاکسی پارەی زیاتری دەویست.

پۆلیسەکان بەریاندام و ڕۆیشتن،لەو لایەنەوە هیچیان پێنەگوتم ،ئایا پارەم هەیەو برسیمەو لە کوێ دەخەوم و کێشەم چییە؟ دیار بوو ئەوانە کێشەی ئەوان نەبووە!

خەمی ئەوەی شەو چۆن و لە کوێدا بخەوین دایگرتبووین،هێشتا شەو نەهاتبوو سەرما ڕچاندبوومانی و ژانی پێدەکردین و وەکو ماری بریندار لوولی دەکردین،ئاخۆ دەبێت شەو ساردەکانی پاریسی گەورەو جەنجاڵ چی حیکایەتێکمان تیا بنووسێتەوە! شەوانێک هەموو دینیا زوقم بەندەو ئێمە تێیدا ڕووتین...

برادەرە تازەکەمان گوتی لە شوێنێک خانەیەک هەیە ئەو کەسانە لە خۆ دەگریت کە جێگەی شەویان بۆ خەوتن نییە.گوتی لە سعات دەی شەوەوە تاکو هەشتی بەیانی دەتوانن لەوێ بمێننەوە، هەوەها گوتی دوو ژەم خواردنیش دەدەن.بەڵام دەبوایە لە سعات نۆی بەیانی تەلەفۆنیان بۆ بەکەیت و ناوت بنووسن و شوێنت بۆ دابنێن،برادەرەکەمان دەیگوت من دوو ساڵە لێرەم و شەوانە لەوێ دەخەوم،هەروەها چەند شوێنێکی دیاری کراویش هەبوو تیمی خانەکە شەوانە سعات دەی شەو بە پاس دەهاتنە ئەوێ و ناوەکانیان دەخوێندەوەو لانەوازانیان دەبردن.ئەوە بوو لە سەر پێشنیاری ئەو برادەرە هەموومان چووینە شوێنی چاوەڕوانی و چاوەڕیمان کرد تاکو پاسەکە هات،ئێمە ناویشمان نە نووسیبوو،ئەو برادەرە پییگوتین ئەوانەی ناوەکانیان نووسیوە ئەگەر ئامادە نەبن کەسیتر لە باتی دەبەن. ئەوەبوو ئەوانەی کە ناویان نووسیبوو هەموویان ئامادە نەبوون،لە بەر ئەوە ئێمەشیان برد.ئێمە لە بەیانییەوە یاخود ڕۆژانێک بوو سەرما دەیتەزاندین،نێو پاسەکە گەرم و خۆش و ئارامی بەخش بوو،حەزم دەکرد تاکو هاوین دەهات تێیدا بوایەم!

خانەکە لە نێو نەخۆشخانەیەکی گەورەدا بوو،پەنجا قەرەوێڵەی تێدا بوو، هەروەها پاک و خاوێنیش بوو.کە گەیشتینە ئەوێ خواردن و شیرو قاوەیان پێداین،گەرماوو ئاوی گەرمی تێدا بوو هەمووومان خۆمان شت.دوایی هەر کەسەو چووە شوێنی خۆی،جێگاکانمان گەرم و نەرم و خۆش بوون.بەڵام سەرما لەو دیو دیوارەکانەوە خۆی چڕ دەکردەوەو چاوەڕوانی دەکردین،ئەو دەیزانی ئێرە ماڵی هەمیشەییمان نییەو بێنەواکان ماڵی بێماڵییان سەر جادەو پەنا دیوارەکانە.

کاتێک لە سەر جێگاکە ڕاکشابووم بە خۆمم دەگوت ئارام بخەوە! شەوێکیش گرنگی خۆی هەیە تاکو گەرم

دابێی و شەختەبەدەکانی جەستە بتوێنێتەوە. ئەگەرچی ئەوەی بە خۆمم دەگوت بڕێک ڕاستی تێدابوو،بەڵام من نەمدەتوانی باوەڕ بە خۆم بێنم و ئارام بۆ باوەشی خەو بچم،من لە نائارامیدا داوای ئارامیم لە خۆم دەکردو دەمویست ئەگەر بۆ چەند ساتێکی کورتیش بێت،خەو لە هەڵقەی گەمارۆی ئەو هەموو پووچی و دڵڕەقییە دەرم بێنێت کە دەوریانداوم.من حەقیقەتی تاڵترم لێوە دیاربوو،بێهیچ ئەگەرێکی دەربازبوون ڕووبەڕوی دەبوومەوە.من دەبێت بەیانی سعات هەشت بڕۆمە دەرەوە،بۆ کوێ..هیچ شوێنێکم نییەو دەبێت بۆ هەموو شوێنێکیش بڕۆم! چی شەوارەبوونێکە.. هچ کوێ و هیچ شوێنێکت نەبێ و لە هەموو کوێ و هەموو شوێنێکیش بیت..! لەوەش دڵنیا نیم سبەی جێم دەکەنەوە یان نا،کەنگێ پارە حەواڵە دەکرێ و ئەم دۆخە چەند دەخایەنێت؟

ئەنجام بە نائارامی و جەنجاڵییەوە تەقەلام بۆ خەو دەداو نازانم بە چی ئەندێشەیەکی ژەهراوییەوە خەوم لێدەکەوت..!